Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕستەی پرسیاری لە زمانی کوردیدا لەڕوانگەی تایپۆلۆجییەوە


**دلێر صادق کانبی[1] - هەرێم قادر ڕەسوڵ[2]**

[1]بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کوردی، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.



## پوختە:

ئەم توێژینەوەی بە ناونیشانی (ڕستەی پرسیاری لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تایپۆلۆجییەوە) توێژینەوەیەکە لەبارەی ڕستەی پرسیارییەوە لەڕوانگەی تایپۆلۆژییەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە جۆرەکانی ڕستەی پرسیاری و جۆرەکانی وەڵامی ڕستەی پرسیاری لەڕوانگەی تیۆرەکەوە دیاری بکەین، جیاوازیی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ کارەکانی پێشو لەوەدایە کە پشت بە ستراوە بەڕوانگەی تایپۆلۆجی بەتایبەتیش بۆچونی بێرنارد کۆمری و نۆرڤاڵ سمس کە بۆ ئەم مەبەستە پرسیارنامەیەکیان ئامادەکردوە بە ناونیشانی (LINGUA DESCRIPTIVE STUDIES: QUESTIONNAIRE) لە گۆڤاری (Lingua) بڵاویانکردوەتەوە، بۆ گەیشتن بەڕێزمانێکی سەراپا (universal) لە نێوان زمانە جیاوازەکان بێ گوێدانە لایەنی مێژویی نێوان زمانەکان، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لەدو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم تایبەتکراوە بەجۆرەکانی ڕستەی پرس، ڕستەی پرسیاری بەڵێ و نەخێر و جۆرەکانی، ڕستەی پرسیاری بە وشەی پرس، پرسیاری دوبارەکردنەوە. بەشی دوەم پێکدێت لە: توخمەکانی پرسیارکردن لە شارستە، پارستە، گرێی ناوی، گرێی بەند، پێکهاتە هاتاکان، هەروەها جۆرەکانی وەڵام.



**کلیلە وشەکان:** تایپۆلۆجی، ڕستەی پرسیاری، پرسیاری دوبارکردنەوە، پرسیاری ئاراستەکراو، پرسیاری جێگرەوە، پرسیاری بێلایەن.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

**Received:** 29- November -2021

**Accepted:** 30-January-2022

**Published:** 29-September-2022



**Corresponding Author's E-mail:**

diler.kanaby@soran.edu.iq

haremqadir88@gmail.com



This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.




**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

## پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕستەی پرسیاری لە کوردیدا لە ڕوانگەی تایپۆلۆجییەوە)یە دەچێتە ئاستی ڕستەسازی لەڕوانگەی تایپۆلۆجی.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی وەسفی تایپۆلۆجی گیراوەتەبەر.

**گرینگی و ئامانجی توێژینەوەکە:** مەبەست و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە وەسفکردنی ڕستەی پرسیاری زمانی کوردییە لە ڕوانگەی تایپۆلۆجی.

**سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی کراوەتە کەرەستەی توێژینەوەکە، هەروەها ڕستەکانیش کە وەک نمونە هێنراونەتەوە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و زمانی نوسینی کوردی وەرگیراون.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم تایبەتکراوە بەجۆرەکانی ڕستەی پرس، ڕستەی پرسیاری بەڵێ و نەخێر و جۆرەکانی، ڕستەی پرسیاری بە وشەی پرس، پرسیاری دوبارەکردنەوە. بەشی دوەم پێکدێت لە: توخمەکانی پرسیارکردن لە شارڕستە، پاڕستە، گرێی ناوی، گرێی بەند، پێکهاتە هاوتاکان، هەروەها جۆرەکانی وەڵام.

## بەشی یەکەم: جۆرەکانی ڕستەی پرسیاری:

### ١-١- تایپۆلۆژی زمان(Typology of Language):

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کەرەستەکانی زمان دەدا، گشتگیرترین پێناسەی تایپۆلۆژی لە زمانەوانیدا (پۆلێنکردنی جۆرەکانی پێکهاتەیە لە نێوان زمانەکاندا)(پرویز البرزی، ١٣٩٢: ٢٠) لێکۆلینەوەی تایپۆلۆژی هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی پێکهاتە لەیەکچوەکانی نێوان زمانەکان، کە گرینگی دەدرێت بە پێکهاتەی ڕستەیی و وشەیی و دەنگی، دواتر لە سەر ئەم بنەمایە پەیوەندیی نێوان زمانەکان و پۆلێنکردنیان دیاردەکرێت بێ گوێدانە لایەنی مێژویی نێوان زمانەکان (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٤: ٣٢٩) لێکۆڵینەوەکانی تایپۆلۆژی بەچەند ڕێگایەک ئەنجام دەدرێن:

- پێکهاتەی ڕستەیی (Syntactic component)
- پێکهاتەی وشەیی (Morphemic component)
- پێکهاتەی دەنگی (Phonemic component)

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕوانگەی تایپۆلۆجی وەسفی ئەنجام دراوە بەتایبەتی بە بۆچونی بێرنارد کۆمری و نۆرڤاڵ سمس کە بۆ ئەم مەبەستە پرسیارنامەیەکیان ئامادەکردوە بەناونیشانی ( LINGUA DESCRIPTIVE STUDIES: QUESTIONNAIRE) لە گۆڤاری (Lingua) بڵاویانکردوەتەوە، ئەم تیۆرە بۆ لێکۆڵینەوەی هەرسێ پێکهاتەی ڕستەیی(سینتاکسی) و وشەیی (مۆرفیمی) و دەنگی(فۆنیمی) نوسراوە، بەڵام بەهۆی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

سنورداری لێکۆڵینەوەکەی ئێمە باسی پێکهاتەی ڕستەیی (سینتاکسی) ڕستەی پرسیاریمان کردوە، لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە چەندین لێکۆڵینەوە لە زمانە جیاوازەکانی جیهان ئەنجامدراون، لێرەدا بەشێک لەو زمانانە دەخەینەڕو کە لە سەر بنەمای ئەم تیۆرە توێژینەوەکانیان ئەنجامداوە لە گەڵ نوسەرەکانیان(جاپانی-J.Hinds، ڕۆمانی-G.Mallison، کشمیری- Kashi Wali and Omkar N. Koul، فارسی- شهرزاد ماهوتیان، ئەڵمانی نوێ-B.D.Joseph، کۆری- Ho-Min Sohn، ...هتد).

## ١-٢- جۆرەکانی ڕستە:

لە زمانی کوردیدا ڕێزماننوس و زمانەوانان چەندین پۆلێنی جیاجیایان بۆ جۆرەکانی ڕستە کردوە، ڕێزماننوسە دێرینەکان سێ جۆر ڕستەیان لە ڕوانگەی ئەرکەوە دیاریکردوە ئەوانیش بریتین لە ((ڕستەی بەیانی، ڕستەی پرس، ڕستەی فەرمان))(ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ٢٠١٣: ٤٦) بەشێکی تری زمانەوانان چوار جۆری سەرەکی ڕستەیان دیارکردوە ئەوانیش بریتین لە ((ڕستەی ڕاگەیاندن، ڕستەی پرسیاری، ڕستەی داخوازی، ڕستەی سەرسوڕمان)) (غازی علی خورشید، ٢٠١٣: ١٨٦) کە لە بنەڕەتدا هەر هەمان پۆلێنی پێشوە بە زیادکردنی ڕستەی سەرسوڕمان بۆ پۆلێنەکە، بەرەو پێشچونی بواری لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان وایکرد، چەندین جۆری تری ڕستە لەڕوانگەی ناوەڕۆکەوە دیاربکرێن کە ئەمانەن: ((ئەرکی زانیاری و هەواڵگەیاندن، ئەرکی پرسیاری، ئەرکی فەرماندان و داخوازی، ئەرکی هەست دەربڕین(سەرسوڕمان)، ئەرکی هەست وروژاندن، ئەرکی ڕاپەڕاندن، ئەرکی کۆمەڵایەتی))(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول،٢٠١٥: ١٣٩-١٥٠).

## ١-٣- ڕستەی پرسیاری و جۆرەکانی:

مەبەست لە بەکارهێنانی ڕستەی پرسیاری بەدەستهێنانی زانیارییە ((بەکارهێنانی پرسیار داواکردنی زانیاری یاخود داواکردن و پێشنیارکردن دەبەخشێت))(John East wood,2002:26) ڕستەی پرسیاری پێویستیی بە قسەکەر و گوێگر هەیە، گوێگر سەرچاوەی زانیارییە قسەکەر پرسیاری ئاڕاستە دەکات، کاتێک پێشبینی ئەوە دەکات گوێگر سەرچاوەی زانیارییە، بەمەش ڕستەی پرسیاری پێچەوانەی ڕستەی هەواڵییە، لە نوسیندا نیشانەی پرسیار (؟) لە کۆتایی ڕستەی پرسدا دادەنرێت، بەڵام لە ئاخاوتندا ئاوازە ڕۆڵدەگێڕێت لە گەیاندنی مەبەستی پرسیاردا، لە زمانی کوردیدا، بە شێوەیەکی بنەڕەتی سود لە ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر و ڕستەی پرسیاریی بە وشەی پرس دەبینین.

### ١-٣-١- پرسیاریی بەڵێ و نەخێر:

ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر دەکرێت بە سێ جۆر یەکەمیان: ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێری بێلایەن. دوەمیان: ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێری ئاڕاستەکراو، سێیەمیان: ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

جێگرەوە، کە هەرسێ جۆرەکە بە شێوەیەکی گشتی سود لە ئاوازەی دەنگ لە گەیاندنی مەبەستی پرسیارکردن لە ڕستەکەدا وەردەگرن.

### ١-٣-١-١- پرسیاریی بەڵێ و نەخێری بێلایەن:

مەبەست لەم جۆرەی ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر ئەوەیە کە قسەکەر هیچ پێشبینییەکی بۆ وەڵامی گوێگرەکە نییە، کە ئایا وەڵامەکە بە وشەی بەڵێ یان نەخێر دەبێت، لە زمانی کوردیدا دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە ڕستە پرسیارییە بەدو شێوە دروستدەبێت، **یەکەمیان:** لە ڕێگای ئاوازەی دەنگ، گۆڕینی ئاوازەی دەنگ دەتوانێت: ڕستەیەکی هەواڵی بکاتە ڕستەیەکی پرسیاری، وەک ڕستەی ژمارە(١):

١-أ- خوێندکارەکە وانە دەخوێنێت. (ڕستەیەکی هەواڵییە و ئاوازەکەی بەرەو خوارەوەیە).

١-ب- خوێندکارەکە وانە دەخوێنێت؟ (ڕستەیەکی پرسیارییە و ئاوازەکەی بەرەو سەرەوەیە). **دوەمیان:** سەرەڕای گۆڕینی ئاوازە، بەکارهێنانی وشە پرسەکانی (ئەرێ، ئایا) لە سەرەتای ڕستەی هەواڵی دەتوانرێت، ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێری بێلایەنی لێدروست بکرێت، وەک: ڕستەکانی ژمارە(٢):

٢-أ- ئایا کچەکە دەچێتە قوتابخانە؟

٢-ب- ئەرێ کچەکە دەچێتە قوتابخانە؟

### ١-٣-١-٢- پرسیاریی بەڵێ و نەخێری ئاڕاستەکراو:

ئەم جۆرە پرسیارکردنە لە زمانی کوردیدا، بە هۆی ئامرازەکانی (ئەدی، مەگەر) دروستدەبێت کە دەکەونە سەرەتای ڕستەی هەواڵی و بەو هۆیەوە ڕستەی پرسیاری لێ دروستدەبێت، مەبەست لەم جۆرە ڕستە پرسیارییە ئەوەیە، قسەکەر لە ڕستە پرسیارییەکەدا پێشبینی وەڵامی گوێگر دەکات بە وشەی بەڵێ یان نەخێر، ئەگەر ڕستە پرسیارییەکە بەشێوەی ئەرێ بێت، قسەکەر پێشبینی وەڵامی ڕستە پرسیارییەکە دەکات بە وشەی(نەخێر)، وەک ڕستەی ژمارە(٣)، بەڵام ئەگەر ڕستە پرسیارییەکە بە شێوەی نەرێ بێت قسەکەر پێشبینی وەڵامی ڕستە پرسیارییەکە دەکات بە وشەی (بەڵێ)، وەک ڕستەی ژمارە(٤)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێشبنییە لە لای پرسیارکەرەوە دروست دەبێت، دەشێت وەڵامی کەسی پرسیارلێکراو پێچەوانەی پێشبینییەکە بێت.

٣- مەگەر ئەمە کتێبی تۆیە؟ پێشبینی وڵامەکە دەکرێت بە وشەی (نەخێر...)

٤- ئەدی ئەمە کتێبی تۆ نییە؟ پێشبینی وڵامەکە دەکرێت بە وشەی (بەڵێ...)

### ١-٣-١-٣- پرسیاریی بەڵێ و نەخێری جێگرەوە:

قسەکەر لەم جۆرە ڕستە پرسیارییەدا گوێگر ناچاردەکات بە هەڵبژاردنی وەڵامی پرسیارەکە بە وشەی (بەڵێ یان نەخێر)، ئەم جۆرە ڕستە پرسیارییە بە هۆی (یان نا، یان نە) دروستدەبێت و دەکەوێتە کۆتایی ڕستە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

پرسیارییەکە، هەروەها ئاوازەی دەنگ ڕۆڵ دەگێڕێت لە دیاریکردنی توخمە پرسیارلێکراوەکە، وەک: ڕستەی ژمارە(٥):

٥- وانەکەت خوێندوەتەوە، یان نا؟

هەروەها دەگونجێت پارتکڵی (ئایا، ئەرێ) لە سەرەتای ئەم جۆرە ڕستە پرسیارییە بێت، وەک: ڕستەی ژمارە(٥-أ):

٥-أ- ئایا پێنوسەکان دەکڕی، یان نا؟

وەڵامی ئەم جۆرە ڕستە پرسیارییە بە شێوەیەکی گشتی بە وشەی (بەڵێ یان نەخێر)ە، بەڵام دەگونجێت بە وشەکانی(ئا، نا، نە، با)ش وەڵام بدرێتەوە.

## ١-٣-٢-ڕستەی پرسیاریی بەیاریدەی وشەی پرس:

ئەم جۆرە ڕستە پرسیارییە لە زمانی کوردیدا (پرسیاری تایبەتی یان پرسیاری وشەیی) پێدەگوترێت ((لەم جۆرەیاندا پرسیار لەبارەی یەکێک یان زیاتر لە کەرەستەکانی ڕستەکە دەکرێت، ئەمانە زۆرجار بە ئامرازی پرس دەست پێدەکەن))(ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، شلێر ڕەسوڵ،٢٠٢٠: ١٥٠) مەبەست لە ڕستەی پرسیاری بەیاریدەی وشەی پرس((لەو پرسیارانەیە کە بەهۆی وشەی پرسیارەوە...ئەنجام دەدرێن نەک لەوەی کە لە بارەی وشەیەکەوە بن یان بە وشەیەک وەڵام دەدرێنەوە))(أبوبكر عمر قادر،١٩٩٣: ٣٤)، ئامرازەکانی پرس لە زمانی کوردیدا زۆرن و بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێن، کە ئەمانەن((کێ، چی، چ، کەی، کوێ، چۆن، کوا، کام، چەند، ئایا،...))(ئەورەحمانی حاجی ماف،٢٠١٤: ١٣٩) ئامرازەکانی پرس لە توانایاندایە ڕستەی هەواڵی بکەنە ڕستەی پرسیاری، چونکە ((ڕستەی هەواڵگەیاندن سەرەکیترین جۆری ڕستەیە و جۆرەکانی تری ڕستە لەوەوە دادەتاشرێن))(قيس كاكل توفيق،١٩٩٥: ٢٥) ئامرازەکانی پرس دەگونجێت لە سەرەتای ڕستەکە، یاخود لە جێگای توخمە پرسیارلێکراوەکە بێت، وەک ڕستەکانی ژمارە (٦)، جگەلە ئامرازی پرس دەکرێت ڕستەی پرسیاری لە ڕێگای بەکارهێنانی دەستەواژەی پرس بەرهەمبێت، بۆنمونە: (چ وەختێک، چ شوێنێک، چ کەسێک،...)، وەک ڕستەکانی ژمارە (٧)، ئامانج لە بونی وشەی پرس و دەستەواژەی پرس لە ڕستەی پرسیاری ((لەزۆربەی ئەو ڕستە پرسیارانەی لەزمانی کوردیدا هەن کردەی دەستخستنی زانیارییەک بە ئەنجام دەگەیەنرێت)) (ئاڤێستا کەمال،٢٠٠٩: ٥٣)

٦-أ- کەی ئەحمەد ڕۆیشت؟

٦-ب- ئەحمەد کەی ڕۆیشت؟

٧-أ- چ کەسێک هات بۆ ئێرە؟

٧-ب- کوڕەکە چ کەسێکی بینیوە؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

### ١-٣-٣- ڕستەی پرسیاریی دوبارەکردنەوە(Echo question):

جۆرێکە لە جۆرەکانی پرسیارکردن ((بەکارهێنانی جیاوازی دەربڕاوەکانە، بەکاردێت بۆ پرسیارکردن بە مەبەستی گەڕان و ڕونکردنەوەی دەربڕینێکی پێشو))(Timothy shopen, 2007: 318)، یان پرسیاری دوبارەکردنەوە ((کورتکردنەوەیە، دوبارەکردنەوە و گوتنەوەی بەشێکی ڕستەکە یان هەمو ڕستەکەیە کە پێشتر کەسێک وتویەتی))(Richard V.& Eston E. 2007: 64)، ئەم جۆرە پرسیارە پشت دەبەستێت بە دوبارەکردنەوەی ئەو توخمەی کە دەبێتە مەبەستی پرسیار کە ئاوازەی دەنگ ڕوەو بەرزی دەچێت و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی ئەم جۆرە پرسیارە، وەک ڕستەی ژمارە (١٩)، کە ڕستەیەکی هەواڵییە و بەمەبەستی جەختکردنەوە لە هەر توخمێکی ڕستەکە دەشێت پرسیاری دوبارەکردنەوە دروست بکەین.

١٩–ئازاد ڕۆیشت.

١٩–أ– ئازاد؟

١٩–ب– ڕۆیشت؟

١٩–ج– ئازاد ڕۆیشت؟

مەبەست لەم جۆرە پرسیارە جەختکردنەوەیە لە توخمی پرسیار لێکراو و پێویستی بە وەڵام هەیە، یاخود هەندێجار ئەم جۆرە لە دوبارەکردنەوەی توخمێک یان ڕستەیەک بۆ دەربڕینی هەستی سەرسوڕسمانە، بەڵام ئاوازەکەی لەو جۆرە ڕستانەدا ڕوەو نزمی یاخود ئاسۆییە.

#### ١-٣-٣-١-ڕستەی پرسیاریی دوبارەکردنەوەی بەڵێ و نەخێر:

ڕستەی پرسیاریی دوبارەکردنەوەی بەڵێ و نەخێر بە دوبارەکردنەوەی توخمی پرسیارلێکراو دروستدەبێت، ئاوازەی دەنگ لەم جۆرە پرسیارەدا لە نزمەوە بەرەو بەرزی دەچێت، وەک ڕستەی ژمارە (٢٠):

٢٠– جوتیارەکە زەوییەکەی بە گاجوت دەکێڵێت.

بکەر توخمی پرسیار لێکراوبێت

أ–جوتیارەکە؟

بەرکاری ناڕاستەوخۆ توخمی پرسیارلێکراوبێت

أ– بە گاجوت؟

ب– بە گاجوت دەیکێڵێت؟

ج– دەیکێڵێت بە گاجوت؟

لە نمونەکانی (أ، ب) فرێزی کارین بەڵام مەبەستی پرسیارەکە لە توخمی بەرکاری ناڕاستەوخۆیە.

بەرکاری ڕاستەوخۆ توخمی پرسیارلێکراوبێت

أ– زەوییەکە؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

ب- زەوییەکە دەکێڵێت؟

لە نمونەی (ب) فرێزی کارییە، بەڵام مەبەستی پرسیارەکە لە توخمی بەرکاری ڕاستەوخۆیە.

کار توخمی پرسیارلێکراوبێت

أ- دەکێڵێت؟

دەگونجێت لەڕێگای هێز خستنەسەر وشەی پرسیارلێکراو و دوبارەکردنەوەی سەرجەم کەرەستەکانی ڕستەکانی ڕستە پرسیاری دوبارەکردنەوەی بەڵێ و نەخێر دروست بکەین، بۆنمونە ئەگەر بکەر توخمی پرسیار لێکراوبێت:

- جوتیارەکە زەوییەکەی بە گاجوت دەکێڵێت؟

لەوەڵامی سەرجەم ئەو پرسیارانە دەتوانین تەنها بە وشەی (بەڵێ) وەڵام بدەینەوە.

### ١-٣-٢-ڕستەی پرسیاریی دوبارەکردنەوە بە وشەی پرس:

ئەم جۆرە ڕستەی پرسیارییە بەبەکارهێنانی وشە پرسەکان دروستدەبێت، لە جێگای وشە پرسیارلێکراوەکە و دوبارە وتنەوەی ڕستەکە، هەروەها ئەم جۆرە پرسیارکردنە دەگونجێت تەنها بە وشە پرسەکان دروستبکرێت کە لە گەڵ مەبەستی پرسیارکردنەکە بگونجێت، وەک ڕستەی ژمارە (٢١) ڕستەیەکی هەواڵیە و بە هۆی وشە پرسەکان پرسیاری دوبارەکردنەوەمان لێ دروستکردوە:

٢١- هاتم بۆ بازاڕ.

أ- کێ هات بۆ بازاڕ؟

ب- هاتیت بۆ کوێ؟

ج- کێ؟

د- بۆ کوێ؟

ئەگەر توخمی پرسیارلێکراو بەرکاری ناڕاستەوخۆ بو ئەوا پێشبەندەکە لە گەڵ وشە پرسەکە بەیەکەوە دێن، وەک ڕستەکانی (ب، د).

لەم جۆرە پرسیارکردنەدا دەگونجێت زیاتر لە یەک توخم پرسیاری ئاڕاستە بکرێت لە ڕستەیەکدا، وەک ڕستەی (هـ):

هـ- کێ و بۆ کوێ ڕۆیشت؟

### ١-٣-٣- ڕۆنانی پرسیاریی دوبارەکردنەوەی لە پرسیاری بەڵێ و نەخێر:

دروستکردنی پرسیاریی دوبارەکردنەوە لە ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر لە زمانی کوردیدا، ناتوانرێت تەنها لە توخمە پێکهێنەرەکانی ڕستەی پرسیاری بەڵێ و نەخێر دروستبکرێت، بۆ نمونە: لە ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر(دەچیت بۆ زانکۆ؟)دا، ناتوانین بڵێین(دەچم بۆ زانکۆ؟) بەڵکو پێویستە سود لە پێکهاتەی شاڕستە و پاڕستە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

وەربگرین بۆ دروستکردنی ڕستەی پرسیاریی دوبارەکردنەوە لە ڕستەی پرسیاری بەڵێ و نەخێر. وەک، ڕستەی ژمارە (٢٢):

٢٢- منداڵەکە خەوت؟ ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر

أ- پرسیت منداڵەکە خەوت؟

ب- وتت، منداڵەکە خەوت؟

ج- دەڵێیت، منداڵەکە خەوت؟

ئەگەر ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر بۆ خود بو ئەوا دوای گۆڕینی جێناوە لکاوەکان بۆ خود، دواتر ڕستەکە دادەڕێژینەوە و لە سەرجەم کەرەستەکانی ڕستە جەختی لێ دەکرێتەوە، وەک ڕستەی ژمارە(٢٣) ڕستەیەکی پرسیاریی بەڵێ و نەخێرە لە ڕستەکانی(أ، ب، ج) ڕستەی پرسیاریی دوبارەکردنەوەی لێ دروستکراوە.

٢٣- تۆ دەچیت بۆ زانکۆ؟ ڕستەی پرسیاری بەڵێ و نەخێر کە ئاڕاستەی خودی گوێگر کراوە.

أ- پرسیت من دەچم بۆ زانکۆ؟

ب- وتت من دەچم بۆ زانکۆ؟

ج- دەڵێیت من دەچم بۆ زانکۆ؟

### ١-٣-٣-٤-دروستکردنی پرسیاریی دوبارەکردنەوە لە ڕستەی پرسیاریی بەوشەی پرس:

ڕستەی پرسیاریی دوبارەکردنەوە دروستدەبێت لە ڕستەی پرسیاریی بە ئامڕازی پرس، ئەویش بەگۆڕین و داڕشتنەوەی ڕستەکە بۆ کەسی یەکەم و دەربڕینی هەمان ڕستەی پرسیاریی بەئامڕازی پرس، بەم شێوەیەش ڕستەی پرسیاریی دوبارەکردنەوەمان بۆ دروستدەبێت، ئاوازەی ڕستەکەش لە سەر وشە پرسەکە دەبێت لە ڕستەکەدا، وەک ڕستەکانی ژمارە(٢٤):

٢٤-أ- کەی دەڕۆیت؟ ڕستەی پرسیاری بە وشەی پرس.

٢٤-ب- کەی دەڕۆم؟ ڕستەی پرسیاری دوبارەکردنەوە .

## بەشی دوەم: توخمە پرسیار لێکراوەکان و جۆرەکانی وەڵام:

### ٢-توخمە پرسیارلێکراوەکان:

### ٢-١- جۆری توخمە پرسیارلێکراوەکان:

ڕستە لەچەندین توخم پێکدێت ((کە بریتییە لە ڕەگی کار و پێویستییەکانی)) (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، ٢٠١٥: ١٠٣)، کە دەگونجێت بەهۆی بەرکارە ناڕاستەوخۆییەکان و دیارخەرەکان و ئاوەڵکارەکان ڕستەکە فراوانبکرێت، لەم بارەشدا بەهۆی وشەکانی پرس کە لەبەشی (٢-٣-١)باسمانکردن دەگونجێت پرسیار ئاڕاستەی هەر توخمێک بکەین لە ڕستەکەدا. وەک، ڕستەکانی ژمارە (٨):

٨-أ- کەی ئارام بە پێنوسەکەی وانەکەی نوسیوە؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

٨-ب- دوێنێ کێ بە پێنوسەکەی وانەکەی نوسیوە؟
٨-ج- دوێنێ ئارام بە چی وانەکەی نوسیوە؟
٨-د- دوێنێ ئارام بە پێنوسەکەی چی نوسیوە؟
٨-هـ - دوێنێ ئارام بە پێنوسەکەی وانەکەی چی لێکرد؟

## ٢-١-١- توخمە پرسیار لێکراوەکان لە ناو شارستە:

بەهەمان شێوەی ڕستەیەکی سادە دەتوانرێت پرسیار ئاراستەی توخمە پێکهێنەرەکانی شارستەش بکرێت(بکەر+تەواکەر+کار)وەک ڕستەکانی ژمارە(٩)کە وشە پرسەکە جێگای توخمە پرسیار لێکراوەکە دەگرێتەوە، بەڵام کاتێک پرسیار لە فرێزی کاری دەکرێت لەڕستەدا، ئەگەر فرێزی بەند لە ڕستەکەدا هەبو، ناتوانین بەتەنها پرسیار لە فرێزە کارییەکە بکەین، چونکە وا پێویست دەکات، پرسیار ئاڕستەی هەردو توخمە پێکهێنەری فرێزی بەند و فرێزی کاری بکرێت، بە هۆی وشەی پرسی (چی) و کاری (کردن، لێکردن)ەوە پرسیار ئاراستەی کاری شارستە دەکرێت، وەک، ڕستەی ژمارە(١٠)، بەڵام بە پێچەوانەوە دەگونجێت، بە تەنها پرسیار ئاراستەی فرێزی بەند بکرێت. وەک، ڕستەی ژمارە(١١):

٩-أ- کێ لە کوڕەوەکە لەدایکبوە کە لە بەهاری ١٩٩١ دا ڕویدا ؟ (بکەری شارستە توخمی پرسیار لێکراوە
٩-ب- ئەو خێوەتگەیەی کە بۆ ئاوارەکان دروستکرابو کەی سوتا ؟ (ئاوەڵکاری کاتی، تەواوکەری شارستە توخمی پرسیار لێکراوە)
١٠- ئازاد چی بۆ ئەوان دەکات کە هاوڕێی منداڵیمانن؟(کارو بەرکاری نارستەوخۆی شارستە توخمی پرسیار لێکراوە)
١١-ئاری کە خاوەنی نوسینگەیەکە پارەکانی بۆ کێ ناردوە ؟ ( بەکاری ناراستەوخۆی شارستە توخمی پرسیار لێکراوە).

## ٢-١-٢- توخمە پرسیار لێکراوەکان لە ناو پارستە:

پارستە لەزمانی کوردیدا یان پارستەیەکی هەواڵی دەبێت یان پارستەیەکی داناني دەبێت کە بە هۆی ئامرازە لێکدەرەکانی(کە/کو، کەوا، هەرکە، چونکە، لەبەرئەوە، ئەگەرچی، هەکە، هەرچەندە، تاوەکو، هەندە/هێندە، ئەوەندە، بەڕادەیەک)(کوردستان موکریانی، ٢٠٠٤: ٦) لەگەڵ ڕستەی شارستەدا لێکدەدرێن، دەتوانرێت سەرجەم توخمە پێکهێنەرەکای پارستە ببنە توخمی پرسیارلێکراو. وەک، ڕستەکانی ژمارە(١٢):

١٢-أ- دەزانی (کە) کێ قازی مەحمەدی لە مەهاباد لەسێدارەدا؟ (بکەری پارستە توخمی پرسیارلێکراوە)
١٢-ب- دەزانی (کە)ئێران کێی لە مەهاباد لەسێدارەدا؟ (ت/ڕاستەوخۆی پارستە توخمی پرسیارلێکراوە)
١٢-پ- دەزانی (کە)ئێران قازی مەحمەدی لەکوێ لەسێدارەدا؟ (ت/ناڕاسستەوخۆی پارستە توخمی پرسیارلێکراوە)
١٢-ت-دەزانی (کە) ئێران قازی مەحمەدی لە مەهاباد چی لێکرد؟ (کاری پارستە توخمی پرسیارلێکراوە).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

**٢-١-٣- توخمە پرسیار لێکراوەکان لە پێکهاتەی گرێی ناویدا:**

گرێی ناوی بریتییە لە: ناوێک، یان جێناوێک، یان زیاتر. ((یەکێکە لە دو پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی ڕستە، ئەرکی ناو دەبینێت لە سادەترین ڕۆنانیدا لە ناوێک یان زیاتر پێکدێت))(ڤیان بکر عەبدولڕحمان،٢٠٠٧: ٦)، لە ڕۆنانی گرێی ناویدا جگە لە چەقی گرێ ناوییەکە کە لە ناوێک یان جێناوێک یان زیاتر پێکدێت، دەگونجێت گرێ ناوییەکە بە دیارخەرەکان فراوان بکەین و لەم بارەشدا هەم چەقی گرێ ناوییەکە و هەم دیارخەرەکان کە بریتین لە (ناو، جێناو، هاوەڵناوی نیشانە، هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی، هاوەڵناوی ڕێکخستن، هاوەڵناوی چۆنیەتی)، دەتوانرێت، پرسیاریان لێبکرێت:

ناولەدەوری دیارخەری ناو

أ- هەردی کێ؟

ب- کام هەردی؟

پ- کام دراوسێ؟

- هەردی دراوسێمان

جێناو لەدەوری دیارخەری ناو

أ- دوکانەکەی کێ؟

ب- کام دوکان؟

- دوکانەکەی من

ئاوەڵناوی نیشانە بەشێوەی ڕێژەیی و نارێژەیی لەدەوری دیارخەری ناو

أ- کام کچە؟

- ئەوکچە.

- ئەو سێ کچە

هاوەڵناوی ژمارەیی پلەیی لەدەوری دیارخەری ناو

أ-چەندەمین خوێندکار؟

- چوارەمین خوێندکار

هاوەڵناوی چۆنییەتی لەدەوری دیارخەری ناو

أ- چیرۆکێکی چۆن؟

- چیرۆکێکی زۆر بەسود

هاوەڵناوی ژمارەیی بەشێوەی پێوانەیی لەدەوری دیارخەری ناو

أ- چەند بەرامبەربەهای زێڕ؟

- سێ بەرامبەر بەهای زێڕ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

## ٢-١-٤- توخمە پرسیار لێکراوەکان لە پێکهاتەی گرێی بەندا:

فرێزی بەند لە زماندا بەکارهێنانێکی زۆری هەیە، ((فرێزی بەند دروستکراوە لە پێشبەندو فرێزی ناوی))(Leleey Jeffries,2006:122) فرێزی بەند بە پێشبەندێک دەستپێدەکات و بە ناو یان جێناوێک کۆتایی دێت، لە زمانی کوردیدا جگە لە پێشەبەندەکان دەشێ پاشبەند و دو لا بەندیش فرێزی بەند پێکبهێن، لە فرێزی بەندا پرسیار ئاڕاستەی پێشبەندەکە ناکرێت، تەنها پرسیارلە ناو یان جێناو لەگەڵ دیارخەرەکانیان ئەگەر هەبو لە ناو فرێزی بەندا دەکرێت، وەک گرێ بەندەکانی ژمارە(١٣) و (١٤):

١٣-أ- لە کوێ؟

١٣-ب-لە هەولێر

١٤-أ- بۆ کێ؟

١٤-ب- بۆ ئاری

لە وەڵامی گرێی بەندی ژمارە(١٣-ب)دەتوانین بڵێین(هەولێر) یان (لە هەولێر)واتە دەتوانین بەبێ پێشبەندەکە یان بەپێشبەندەکەوە وەڵام بدەینەوە، هەروەها گرێی بەندی ژمارە (١٤-ب)بە هەمان شێوە.

ئەگەر فرێزی بەند لەشێوەی فرێزێکی فراوانکراودا بو دەتوانرێت پرسیار ئاڕاستەی دیارخراو یان دیارخەکە بکەین، وەک نمونەکانی ژمارە (١٥)و(١٦)

١٥-أ- لەکام گوند؟// کام گوند؟

١٥-ب- لە کوێ؟// کوێ؟

- لە گوندی ئەڵمانی

١٦-أ- بەپێنوسێکی چۆن؟//پێنوسێکی چۆن؟

١٦-ب- بەچی باش؟//چی باش؟

١٦-پ- بە چی؟// چی؟

- بەپێنوسێکی باش

لە پرسیارەکەدا بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە دەتوانرێت پێشبەندەکە بگوترێت یان نەگوترێت.

## ٢-١-٥- توخمە پرسیارلێکراوەکان لە پێکهاتە هاوتاکان:

هاوتایی لەزمانی کوردیدا بە ئامرازی لێکدەری (و) لە نێوان توخمەکانی یەک پێکهاتەدا هاوتایی دروستدەکات، کە ئەرکی ((بەیەکەوە بەستنێکی سادەی نێوان دو وشە پێکدێنێت))(شەهاب شێخ تەیب، ٢٠٢٠: ٣٩) گرێیەکانی زمان پێکهاتەی هاوتایان لێ دروستدەکرێت و دەتوانرێت، پرسیاریان ئاڕستە بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی پرسیار لە پێکهاتەی هاوتاکان بە سەر کۆی پێکهاتە هاوتاکان جێبەجێ دەکرێت، تەنها لە گرێی ناوی هاوتا دەتوانرێت، پرسیار ئاڕاستەی بەشێکی پێکهاتەی هاوتا بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- گرێی ناوی هاوتا


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

- کێ چو بۆ گەشت؟

-کێ لە گەڵ کێ چو بۆ گەشت؟

-مامۆستا لە گەڵ کێ چو بۆ گەشت؟

وەڵام: مامۆستا و خوێندکارەکان چون بۆ گەشت.

ب- گرێی کاریی هاوتا

-کرێکارەکە چی کرد؟

- کرێکارەکە چی و چی کرد؟

وەڵام: کرێکارەکە کارەکەی تەواوکرد و ڕۆیشت.

پ- گرێی بەندی هاوتا

- کابرا لە کوێ و کوێ کەلوپەلی کەلتوری کۆدەکاتەوە؟

- کابرا لە کوێ کەلوپەلی کەلتوری کۆدەکاتەوە؟

وەڵام: کابرا لە گوند و شارەکان کەلوپەلی کەلتوری کۆدەکاتەوە.

د- گرێی ئاوەڵکاری هاوتا

- وەستا چۆن چۆنی کارەکەی تەواوکرد؟

-وەستا چۆن کارەکەی تەواوکرد؟

وەڵام: وەستاکە بەباشی و بەخێرایی کارەکەی تەواوکرد.

ت- گرێی ئاوەڵناوی هاوتا

-پێنوسێکی چۆن؟

وەڵام: پێنوسێکی سور و نوکتیژ

## ٢-٢- ژمارەی توخمە پرسیار لێکراوەکان لە ڕستەدا:

بەشێوەیەکی گشتی دەشێت لەناو یەک ڕستەدا زیاتر لە یەک پرسیار ئاڕاستەی توخمە پێکهێنەرەکانی ناو ڕستە بکرێت، بۆ نمونە: لە ڕستەی ژمارە(١٧)دا دەتوانین پرسیار ئاڕاستەی کەسەکان بە(کێ) و کات بە (کەی)و شوێن (بۆ کوێ) و ناو بە (چی) و کار بە (چی لێکرد یان چی کرد)بکەین.

١٧- دیدار لە گەڵ هاوڕێکانی خوێندنەکەیان لە سلێمانی تەواو کرد. ڕستەیەکی هەواڵییە.

١٧أ- کێ لەگەڵ کێ خوێندنەکەیان لە سلێمانی تەواوکرد؟

١٧ب- دیدارلەگەڵ هاوڕێکانی کەی و لەکوێ خوێندنەکەیان تەواوکرد؟

١٧ج- دیدار لەگەڵ هاوڕێکانی خوێندنەکەیان لە سلێمانی چی لێکرد؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

### ٢-٣- شوێنی توخمە پرسیار لێکراوەکان:

لەزمانی کوردیدا کۆمەڵێک ئامڕازی پرسمان هەیە، لەباری ئاساییدا ئەگەر توخمە پرسیارلێکراوەکە لە باری جەختکردنەوەدا نەبو، ئەوا ئامڕازە پرسەکە لە شوێنی توخمە پرسیار لێکراوەکەدا دێت، بۆ نمونە: ئەگەر توخمی پرسیارلێکراو بکەر بێت ئەوا ئامڕازی پرس لەسەرەتای ڕستەکە دێت، هەروەها ئەگەر تەواوکەر توخمی پرسیارلێکراو بێت، ئەوا ئامڕازی پرس دەکەوێتە دوای بکەر و پێش کار دەکەوێت، بەڵام ئەگەر تەواوکەر لە باری جەختکردنەوەدا بو ئەوا ئامڕازی پرس دێتە سەرەتای ڕستە و پێش بکەر دەکەوێت، بەم شێوەیە:

١٨- ئازاد نامەکەی بۆ شیلان نارد.

أ- بکەر توخمی پرسیار لێکراو بێت

- کێ نامەکەی بۆ شیلان نارد؟

ب- بەرکاری ڕاستەوخۆ توخمی پرسیار لێکراو بێت

- ئازاد چی بۆ شیلان نارد؟

ج- بەرکاری ناڕاستەوخۆ توخمی پرسیار لێکراو بێت

- ئازاد نامەکەی بۆ کێ نارد؟

د- بەرکاری ڕاستەوخۆ جەختکراوە توخمی پرسیار لێکراو بێت

- چ شتێکی بۆ شیلان نارد؟

هـ- بەرکاری ناڕاستەوخۆ جەختکراوە توخمی پرسیار لێکراو بێت

-ئازاد نامەکەی نارد بۆ کێ؟

### ٢-١-٦-توخمەکانی پرسیارکردن لە ڕستەی پرسیاریی دوبارەکردنەوەدا:

لە ڕستەی هەواڵیدا دەگونجێت هەمو گرێ ناوی و کارییەکانی ڕستەکە ببێتە توخمی پرسیار لێکراو، هەروەها لە ڕستەی پرسیاری دوبارەکردنەوە بەڵێ و نەخێر دەربارەی خودی گوێگربو هەمو کەرەستەکانی ڕستەکە دوبارە دەگوترێتەوە بەهەمان شێوەی(٣-١-٢).

توخمەکانی پرسیارکردن لەڕستەی هەواڵی

٢٥- شادی کتێبەکەی برد بۆ ماڵەوە. ڕستەیەکی هەواڵییە.

بکەر ئەگەر توخمی پرسیارلێکراوبێت

- شادی؟

بەرکاری ڕاستەوخۆ ئەگەر توخمی پرسیارلێکراوبێت

- کتێبەکە؟

بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەگەر توخمی پرسیارلێکراوبێت

- بۆ ماڵەوە؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

گرێی کاری ئەگەر توخمی پرسیارلێکراوبێت

- کتێبەکەی چ لێکرد؟

### ٢-١-٦-١-هاوسێبونی چەند توخمێکی پرسیار

لە زمانی کوردیدا، دەتوانرێت، چەند توخمێک لە ناو یەک ڕستەدا پرسیاری ئاڕاستە بکرێت، بە شێوەی پرسیاری دوبارەکردنەوە بە وشەی پرس. وەک، ڕستەکانی ژمارە(٢٦):

٢٦- کەی لە گەڵ کێ ڕۆیشتی؟

### ٢-١-٦-٢- جۆری توخمەکانی پرس:

لە بابەتەکانی پێشودا، بۆمان دەرکەوت، دەتوانرێت، هەمو گرێ ناوی و کارییەکان ببنە توخمی پرسیار، ئەویش بە هەڵبژاردنی وشەی پرس.

### ٢-٤- جۆرەکانی وەڵام:

### ٢-٤-١- وەڵام بەشێوەی کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ:

بۆ وەڵامی ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر، ڕستەی پرسیاریی بە وشەی پرس، ڕستەی پرسیاریی دوبارەکردنەوە، وەڵامێکی دیاریکراو و تایبەتیمان نییە بەشێوەی کردەی قسەیی ڕستەوخۆ(speech act).

### ٢-٤-١-١-وەڵامی ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر:

دەگونجێت، بڵێین: ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر لە زمانی کوردیدا بە دو شێوە وەڵام دەدرێتەوە:

یەکەمیان: لە شێوەی فەرمی (بەڵێ و نەخێر) بەکاردەهێنرێت.

دوەمیان: لە شێوەی نافەرمیدا (ئا، با، نا، نەء) بەکاردەهێنرێت.

هەردو جۆرەکەی وەڵام بەشێوەی فەرمی و نافەرمی لەسەرەتای ڕستەی وەڵامدا دێت، وەک، لە ڕستەکانی ژمارە (٢٧) دەردەکەوێت.

٢٧- دەچیت بۆ زانکۆ؟

٢٧-أ- بەڵێ(ئا، با) دەچم بۆ زانکۆ.

٢٧-ب- نەخێر(نا، نەء) ناچم بۆ زانکۆ.

لە وەڵامی ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر، ئەگەر وەڵامەکە بە شێوەی نەرێ(نەخێر، نا، نەء) بو، پێویستە کاری ڕستەکەش بەشێوەی نەرێ بێت. وەک، ڕستەی ژمارە( ٢٧-ب).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

لە ڕستەی پرسیاری بەڵێ و نەخێر دەگونجێت تەنها وشەکانی(بەڵێ، نەخێر، ئا، نا، با، نە) ببێتە وەڵامی پرسیار، وەک، ڕستەکانی ژمارە( ٢٨):

٢٨- وانەکە دەخوێنیتەوە؟

٢٨-أ- بەڵێ(ئا، با)

٢٨-ب- نەخێر(نا، نەء)

### ٢-٤-١-٢-وڵامی ڕستەی پرسیاریی بە وشەی پرس:

مەبەستی پرسیار لە ڕستەی پرسیاریی بە وشەی پرس ڕون و ئاشکرایە، چونکە هەر وشەیەکی پرس بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی پرسیارکردن بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە: (کەی) وشەی پرسە بۆ پرسیارکردن لە (کات) بەکاردەهێنرێت، لە وەڵامی ئەم جۆرە ڕستە پرسیارییەدا، دەگونجێت، دو جۆر وەڵام دیاری بکەین:

**یەکەم**: وەڵامی فەرمی جگە لە وەڵامی وشە پرسەکە کەرەستەکانی تری ڕستەکە لە لایەن گوێگر جەختی لێ دەکرێتەوە، وەک، ڕستەی ژمارە (٢٩-أ، ٢٩-ب):

**دوەم**: وەڵامی نافەرمی تەنها وڵامی وشە پرسەکە دەداتەوە بەشێوەیەکی کورت کەرەستەکانی تری ڕستەکە لە لایەن گوێگر جەختی لەسەر ناکرێتەوە، وەک، ڕستەی ژمارە(٢٩-ج):

٢٩- کەی دەڕۆیت بۆ سەفەر؟

٢٩-أ- بەیانی دەڕۆم بۆ سەفەر. وەڵام بە شێوەی فەرمی.

٢٩-ب- بەیانی دەڕۆم. وەڵام بە شێوەی نافەرمی.

٢٩-ج- بەیانی. وەڵام بە شێوەی نافەرمی.

دەگونجێت لە وڵامی ئەمجۆرە ڕستە پرسیارییەدا گوێگر لە ڕێگای بەکارهێنانی (نازانم) وەڵامی هەمو ڕستەیەکی پرسیاری بە وشەی پرس بداتەوە. وەک ڕستەی ژمارە (٢٩-د):

٢٩-د- نازانم کەی دەڕۆم بۆ سەفەر.

### ٢-٤-١-٣-وەڵامی ڕستەی پرسیاریی دوبارەکردنەوە:

ئەم جۆرە ڕستە پرسیارییە بە هەمان شێوەی جۆرەکانی تری ڕستەی پرسیاری وەڵام دەدرێتەوە، کە لە (٢-٤-١-١)و(٢-٤-١-٢) باسمانکردن.

### ٢-٤-٢-وەڵام بەشێوەی ڕستەی ناتەواو:

جۆرەکانی ڕستەی پرسیاری دەگونجێت بەشێوەی ڕستەی تەواو یان ڕستەی ناتەواو وەڵام بدرێتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

### ٢-٤-٢-١-وەڵامی ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر:

### ٢-٤-٢-١-١- كورترین وەڵامی ڕستەی پرسیاریی بەڵێ و نەخێر:

دەتوانرێت، وەڵامی ڕستەی پرسیاری بەڵێ و نەخێر تەنها بە (بەڵێ، نەخێر، ئا، با، نا، نە، لەوانەیە، لەوەیە) وەڵام بدرێتەوە، وەک، لە وەڵامی ڕستەی ژمارە (٣٠) دەردەكەوێت.

٣٠- دەڕۆیت؟

٣٠-أ- بەڵێ(ئا، با)

٣٠-ب- نەخێر(نا، نەء)

٣٠-ج- لەوانەیە(لەوەیە)

ئەگەر ولامی ڕستەكە بە (لەوانەیە، لەوەیە)بو كاری ڕستەكەش دەبێتە دانانی.

-لەوانەیە بڕۆم.

### ٢-٤-٢-٢- وەڵامی ڕستەی پرسیاریی ئاراستەكراو:

ولامی هەردو جۆری ڕستەی پرسیاری ئاڕاستەكراوی ئەرێ و نەرێ لە زمانی كوردیدا بە وشەكانی (بەڵێ، نەخیر، ئا، با، نا، نەء) دەدرێتەوە، وەک، وەڵامەكانی ڕستەی ژمارە(٣١):

٣١- مەگەر تۆ ناخوێنی؟

٣١-أ- بەڵێ

٣١-ب- نەخێر

هەندێجار وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بە وشەی پرسی(بۆچی) دەدرێتەوە، واتە وەڵامی ڕستە پرسیارییەكە بە پرسیار دەدرێتەوە كە بە واتای بەڵێ دێت و لە هەمان كاتیشدا گوێگر مەبەستییەتی هۆكاری پرسیاركردنەكە بزانێت وەک ڕستەی ژمارە (٣٢) و دواتر بە شێوەی (٣٢-أ) وەڵام بداتەوە.

٣٢-ئەدی تۆ ناڕۆیت؟

٣٢-أ-بۆچی؟

### ٢-٤-٢-٣-وەڵامی ڕستەی پرسیاریی بە وشەی پرس:

لە وەڵامی ئەم جۆرە ڕستە پرسیارییە دەگونجێت، كورترین وەڵام یەک وشە بێت، كە وشە پرسەكەی ناو ڕستە پرسیارییەكە پرسیاری لێ دەكات، بۆ نمونە: وشەی پرسی (كێ)بۆ پرسیاركردن لە (كەس)ەكان بەكاردێت، بۆیە ناوهێنانی تەنها ناوی كەسەكە دەگونجێت ببێتە وەڵامی ئەم جۆرە ڕستە پرسیارییە، وەک، وەڵامی ڕستەی پرسیاری ژمارە (٣٣):

٣٣-أ- كێ هات؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

٣٣-ب- هەردی.

هەروەها دەگونجێت، بە شێوەی ڕستەی تەواو وەڵام بدرێتەوە بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (٢-١-٤-٢).

## ئەنجام:

١-ڕستەی پرسیاری بەڵێ و نەخێر چەند جۆرێکی هەیە لە وانە ڕستەی پرسیاری بێلایەن و جێگرەوە و ئاڕاستەکراو.

٢-ڕستەی پرسیاری دوبارەکردنەوە جۆرێکە لە ڕستەی پرسیاری بەشێوەیەکی کارا لە زاماندا بە کار دەهێنرێت.

٣- بە هۆی ڕستەی پرسیاری ئاڕاستەکراو دەتوانرێن پێشبینی وەڵامی گوێگرەکە بکەین.

٤-ئاوازە ڕۆڵی کارا دەگێڕێت لە دروستکردنی ڕستەی پرسیاری.

٥-لەپێکهاتە هاوتاکان دەتوانرێت پرسیار ئاڕاستەی کۆی پێکهاتەکە بکرێت یان ئاڕاستەی بەشێکی پێکهاتەکە بکرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15

# Sentences of Interrogative in Kurdish Language of Typology View

**Diler Sadq Kaneby[1] - Harem Qader Rasull[2]**

[1]Kurdish Department, Faculty of Art, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Kurdish Department, College of Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This Research under the topic (Sentences of interrogative in Kurdish Language of typology view) the research is about interrogative sentence from typology view, in This research try to select types of interrogative sentence and types answers Interrogative sentence from the theory view, the difference of this research Compare with other previous research is depend on typology view, especially in His opinion (Bernard COMRIY) and (Norval SMITH) which for the is purpose they have prepared a questionnaire under the topic(Lingua Descriptive studies: Questionnaire) they published in (Lingua) magazine to get a universal Grammer between different languages without care of history between languages, for this purpose, the research expect the introduction, result and list of resources, is consist of two parts, the first part: it consists types interrogative sentence, yes – no question and types, interrogative sentence word-question, Echo-question. The second part: it consists of elements of question in main clauses, subordinate clauses, prepositional phrases, noun phrase, coordinate structure, and types of answers.

**Keyword:** Typology, Interrogative Sentence, Echo-Question, Expecting Question, Alternative Question, Neutral Question.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15**

## سەرچاوەکان:

ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠١٤) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دوەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠٠٩)پراگماتیکی ڕستەی پرسیارو فەرمان لە زمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

سەلام ناوخۆش(٢٠١٤)فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، هەولێر، چاپخانەی هێڤی

ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی(٢٠١٣)هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی- شلێر ڕەسوڵ بەرزنجی(٢٠٢٠)ڕێزمانی بەراورد، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

شەهاب شێخ تەییب تاهیر(٢٠٢٠)چەند بابەتێکی زمانەوانی، هەولێر، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ(٢٠١٥) چەند باسێکی وردی زمانەوانی-کوردی، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

غازی عەلی خورشید(٢٠١٣) ڕێزمانا فەرمی، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

کوردستان موکریانی(٢٠٠٤)سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

أبوبەکر عمر قادر(١٩٩٣) پرسیار لە زمانی کوردی دا، (نامەی ماستەر) کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.

قیس کاکل توفیق(١٩٩٥) جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، (نامەی ماستەر)کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.

ڤیان بەکر عەبدولڕەحمان(٢٠٠٧)پاڕستە لە کوردی ناوەڕاستدا،(نامەی ماستەر) کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

پرویز البرزی(١٣٩٢)ردەشناسی زبان، تهران، مؤسسه انتشارات امیر کبیر.

John East wood(1994)Oxford Guide to English Grammar, New Yark, oxford University.

Richard V, Eston E(2007)analyzing the grammar of English, 3rd Edition, Washington, Georgetown University.

Timothy Shopen(2007)Language Typology, Second edition, Cambrige, Uneversity, NewYork.

Lesley Jeffries(2006)Discovering Language- the strucher of modern English, New York, Palgrave Macmillan.

Lingua 42(1977)A.J.B.N. Reichling & E.M. Uhlenbeck & W. Sidney Allen, North-Holland publishing company



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper15